

Vivaldi

# Concerto

ووشه ی(Concerto)یا (کۆنسێرتۆ ) ناوی یەکێکە لە فۆرم یا بۆتە موزیکییە ئنسترومێنتییەکان، واتا ئەم فۆرمە موزیکییە تایبەت بە ئنسترومێنتەموزیکییە جۆراو جۆرەکان دەنوسرێت.یەکێک لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەم فۆرمە موزیکییە ئەوەیە کە ، ئاوازو میلۆدییەکانی تایبەت بە ئنسترومێنتێکی تەنها دەنوسرێت وە ئۆرکسترایەکی تێکەڵ لە ئنسترومێنتە موزیکییەکان رۆڵی باگروندێکی ئاسان لە پشت ئنسترومێنتە موزیکییە تەنهاکەوە دەبینن .زۆر جار لەفۆرمی موزیکیی (کۆنسێرتۆ ) داجۆرێک لە پێشبڕکێ و گۆڕینەوەی ئاوازەکان لە نێوان ئۆرکسترا کەو ئنسترومێنتە تەنهاکەدا دەبیستین ، بۆیە ئەگەر بڕوانینە سەرچاوە مێژووییە کان ،دەبینین کە بنەمای ووشەی (کۆنسێرتۆ) لە ووشەی (کۆنسەرتار) ی لاتینییەوە هاتووە ، کە بەمانای ( پێشبڕکێ ) دێت ، ئەمەش مەبەست لەو پێشبڕکێ و گۆڕینەوەی ژەنینی ئەو ئاوازانەیە کە ئاماژەمان پێدا .سەرەتای سەرهەڵدانی فۆرمی موزیکیی ئنسترومێنتیی ( کۆنسێرتۆ ) دەگەڕیتەوە بۆ ساڵی 1686 ی زایینیی ،وە یەکەم ( کۆنسێرتۆ ) لە دانانی موزیکزانی ئیتاڵی ( تۆریللی ) بووە ، دیارە کە باس لەم فۆرمە موزیکییە فراوانە دەکرێت ڕاستەخۆ دەبێت ئاماژە بە هەوڵە بەردەوامەکانی زۆر لە موزیکزانە جیهانییەکان بکرێت لەوانەش ( باخ ، ڤیڤاڵدی ،مۆزارت ، هاندڵ ، باگانینی ، چایکۆفسکی ...) و زۆری تریش، کە دواتر هەر بە هۆی هەوڵە بەردەوامەکانی سەرجەم موزیکزانەکانی سەردەمە موزیکییە جیا جیاکان ، بۆتەی موزیکی ( کۆنسێرتۆ ) چەند جۆرێکی تری لێ درووست بوو . لە نمایش کردنی فۆرمی موزیکیی ( کۆنسێرتۆ ) دا دوو ڕەگەزی سەرەکی هەن کە لە نوسینی نۆتەی موزیکیی ئەم فۆرمەدا ئەو دوو ڕەگەزە بە نوسین لە سەر ئاوازەکانی نۆتەکە میلۆدییەکانیان بۆ جیا دەکرێتەوە ، ڕەگەزی یەکەم بەsoloناو دەبرێت کە ئەم زاراوەیە بەواتای ( بەتەنها ) دێت ،کە وەک ئاشکرایە ئەم زاراوەیە پەیوەستە بە ژەنینی ئنسترومێنتە موزیکییە تەنهاکەوە ، ڕەگەزی دووەم بە tuti ناو دەبرێت کە بەواتای ( هەموو ) دێت ، کە ئەمیش تایبەتە بە ئۆرکستراکە . بەگشتی سەرجەم ئاوازەکانی فۆرمی ( کۆنسێرتۆ ) لە ناوەرۆکی سێ جوڵەی موزیکیدا نمایش دەکرێن ، کە هەر یەک لەم جوڵانە

تیژڕەوییەکی تایبەتییان هەیە بەم شێوەیە ی لای خوارەوە :
جوڵەی یەکەم : تیژڕەوییەکی چالاک وخێرای هەیە .
جوڵەی دووەم : تیژڕەوییەکی خاو و هێمنی هەیە .
جوڵەی سێیەم : تیژڕەوییەکی خێراو هەندێک جار زۆر خێرای هەیە .
دیارە لە پاڵ ئەم سێ جوڵەیەدا بەشێکی تری گرنگ لە فۆرمی ( کۆنسێرتۆ ) دا
هەیە کە ئەویش ، بەشی ( کادانزا ) یە کە بریتییە لە ( ژەنینێکی موزیکیی سەربەخۆ
و بێ ڕەزم ) کە موزیکژەنی ئنسترومێنتە تەنهاکە نمایشی دەکات .
جۆرەکانی ( کۆنسێرتۆ )
یەکەم : کۆنسێرتۆی بچوک(Concertino)ئەم جۆرەی فۆرمی موزیکیی ( کۆنسێرتۆ )
هەمان بنەماکانی داڕشتنی ( کۆنسێرتۆ ) ی هەیە ، بەڵام بەشێوەیەکی ئاسانترو
سووکەڵە تر ،وە هەندێک جاربە ئۆرکسترایەکی موزیکیی بچوکتر دەژەنرێت .
دووەم : کۆنسێرتۆی گەورە(Concertogrosso)ئەم جۆرەیان ڕاستەوخۆ بە پێچەوا
نەی جۆری یەکەمەوەیە ، مەودای داڕشتنی ئاوازو میلۆدییەکانی زۆر لە فۆرمی
( کۆنسێرتۆ ) ش فراوانترەو ، زۆر جار لەبری یەک ئنسترومێنتی موزیکیی تەنها،
دوو ئنسترومێنتی موزیکیی هەڵدەستن بە ژەنینی ئاوازە سەرەکییەکان تیایدا .

*Muzic-chrakan*
*2005*

*Muzic-chrakan*
*2005*